## موئەیەد ئێلیخانلی
## سکرتێری گشتی بەرەی تورکمانی:

# هەموو سیاسەتەکانی بەرەی تورکمانی لە دژی ئەزموونی کوردستانە



**پاش چاوەڕوانی هەندێکی تر لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی، ئەوانەی چاوەڕوانی ڕیفۆرمی سیاسی بوون لەناو بەرەدا بەتایبەت پاش کۆنگرەی چوارەمیان، خواست و هەوڵەکانی ئەوان بە بنبەست گەشت و لەم ڕۆژانەدا (موئەیەد ئێلیخانلی) سکرتێری گشتی بەرەی تورکمانی و ئەندامی ئەنجومەنی شورای تورکمانی لە بەرەی تورکمانیدا.**
**لە بەیاننامەیەکدا دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە بەرە ڕاگەیاند و بڕیاریدا لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان دا.**
**بۆ ئاگاداربوون لەو بڕیارەی بەڕێزیان و زیاتر وردەکاری دەس لەکارکێشانەوەکەی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازدا.**
**دیمانە: نامق هەورامی**

*** چی بەو بڕیارەی گەیاندن کە واز لە بەرەی تورکمانی بهێنن؟**
– ئێستا و ئەو کاتەش لە نێو بەرەی تورکمانیدا بووم باوەڕم بەوە هەبووە کە جوگرافیای ئێمە لە نێو کوردستاندایە و پێویستە لە ڕێگەی پەرلەمان و حکوومەتی هەڵبژێردراوەوە داخوازی چارەسەر و زیاتری مافی نەتەوەکەمان بکەین، لە هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داوای دەکرد تورکمان بەشداری لە پرۆسەی سیاسی کوردستاندا بکەن، بەڵام هەرچەندە ئەو کات بەرەی تورکمانی دروست نەبوو بوو، بەڵام هەمان نەهج هەبوو بۆیە ئەو هەلەیان لە کیس نەتەوەکەمان داو لەم دواییەشدا بەهەمان شێوە، بەڵام ئەوان نەیانویست سوود لەو هاوسۆزییەی سەرکردایەتی کوردستان وەرگرن لەگەڵ تورکماندا، تۆ سەرنج بدە بەرەی ئەو هەموو دامەزراوەی هەبوو کەچی مۆڵەتی فەرمی لە حکوومەت نەبوو کەچی حکوومەت داوای دەکرد بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن و ئەوانیش ڕەدیان دەکردەوە لە کاتێکدا حکوومەت دەیتوانی ڕێگەی کارکردنیان لێبگرێت.
لە زۆربەی ورد و دڕشتی شتەکانی نێو بەرە ئاگادارم و ئاگاداری هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد و خودی سەرۆک بارزانیم کە هەمیشە ویستوویەتی تورکمان خاوەنی ماف و بەشداری سیاسی ئەم وڵاتە بن.

*** ئەو هۆکارانە چی بوون وایکردبوو بەرە دژی بەشداری سیاسی بێت و دژی ئەزموونی خەڵکی کوردستان بێت لە کاتێکدا زەمینەی ئازادی سیاسی لە کوردستاندا؟**

– دەبێت ئەوە بزانین کە لە نێو بەرەی تورکمانیدا دوو باڵ و ئاڕاستە هەبوون یەکێکیان توندڕەو و ئەویتر میانڕەو بوون و ئێمە لە ئاڕاستەی دووەم بووین و هەوڵمان دەدا بەرە بەو ئاراستەیەدا بەرین کە لە چوارچێوەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمدا داوای مافی تورکمانان بکەن، بەڵام سیاسەتەکەش دوو سەرە بوو لەلایەکەوە ئەوان جیهانی دەرەکیان وا تێگەیاندبوو کە ئەو شێوە کارکردنە لە خزمەتی ئەواندایە و ئەوانەی دەرەوەش ڕەنگە بەو جۆرە بیانەوێت.
بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەموو لایەکمان بیزانین کە بەرەی تورکمانی لە هەناوی گەلی تورکمان دەرنەچووە، بۆیە هیچ هەنگاوێکی ئەو بەرەیە لە خزمەتی گەلی تورکماندا نییە.

*** پاش پرۆسەی ئازادی عێراق بەرەی تورکمانی هەولێری پەڕاوێز کرد و ڕووی کردە کەرکووک، ئەم گۆڕانکارییە چۆن دەبینن؟**
– دیارە زۆرێک لە سەرکردەکانی نێو بەرەی تورکمانی کەسانی توندڕەون و سیاسەتی بەرە بەو ئاقارەدا دەبەن کە دوور بکەوێتەوە لە نەهجی خزمەتکردن بە خواستەکانی تورکمان، بەرە تا لەناو شاری هەولێر بوو ئێمە پارێزگاریمان لەو بەڕێزانە دەکرد، بەڵام کە پرۆسەی ئازادی عێراق دەستیپێکرد و بەرە گەڕایەوە کەرکووک و لەوێوە تۆوی دووبەرەکی چێنرا لە نێوان تورکمانی هەولێر و کەرکووکدا، لە نێوان تورکمانی هەولێر و کەرکووکدا، لەنێوان تورکمانی سوننە و تورکمانی شیعەدا دروست بوو ئەوانە هەمووی هۆکاری ئەوەبوون کە کەسانی بە ئاگای نێو بەرە لەو سیاسەتە چەوتە دووربکەونەوە.

*** لە پاش کۆنگرەی چوارەمەوە سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی لە هەولێر و تەواوی دامەزراوەکانی لەگەڵ بەڕێز عەبدولقادر بازرگان لە بەرە کشانەوە، دیتنی بەرە لەو کاتەدا بۆ ئەو کشانەوەیە چی بوو؟**

– لە کۆنگرەی چوارەمدا من ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتی بەرەبووم و هەوڵماندا کە بەرە لە دامەزراوێکی ئیدارییەوە بکەینە دامەزراوێکی سیاسی و بتوانین لەو دامەزراوەدا ستراتیژییەتێکی تازە بۆ بەرە دابڕێژین کە لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بگونجێت، بەڵام دیسان باڵە توندڕەوەکەی نێو سەرکردایەتی بەرە کەوتنە دانانی پیلانێکی تر کە ئەویش پیلانی دوبەرەکی نێوان کەرکووکی و هەولێری بۆیە کەسانی وەک کاک عەبدولقادر بازرگان کشانەوە و ئێمەشیان وا تەماشا دەکرد کە دورکەوتوینەتەوە لە تورکمانچییەتی و بەرەو کوردایەتی دەڕۆین.

*** جارێکی تر دەپرسم ئەو گۆڕانکارییە لە هەولێرەوە بۆ کەرکووک و نزیک کەوتنەوە لە شیعەکان خواستی وڵاتانی دەوروبەر بوو یان نا؟**

– دووبارەی دەکەمەوە مادام بەرەی تورکمانی لە هەناوی تورکمانەوە نەهاتووە دەکرێت هەموو جۆرە تەسەوڕێکی لێبکرێت، جوگرافیای تورکمان لە کوردستاندایە و لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەژین ئیدی بۆچی کوردستانی نەبین؟ بۆچی شتی تر بێنینە ناوە، بۆچی لە دژی کورد لەگەڵ خەڵکی تر کوالیسۆن بکەین؟

– لە کاتێکدا لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا یەکەم کەس کە داکۆکی و پێگیری لە خواستی تورکمانەکان کرد بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، ئەگەر بەڕێزیان نەبوایە ئەوە بەدی نەدەهات.

کەچی ئەوان لەگەڵ شیعەکاندا هاوپەیمانییەتییان کرد، بەڵام دەپرسم ئایا دەسکەوتەکان لەگەڵ برا کوردەکان زیاترن یان لەگەڵ شیعەکاندا؟ دەپرسم کێ داکۆکی لە مافی تورکمان کرد جەنابی سەرۆک بارزانی یان خەڵکی تر؟

*** پاش ئەوەی بە گوتەی خۆیان کەرکووک پێگەی سەرەکی بەرەیە کەچی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەرە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا ئەو خەونەی نەهاتەدی و کەمترین دەنگی هێنا بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ شیعە و عەرەبە هاوردە و کۆنە بەعسییەکاندا، ئەم شکستە لای بەرە چۆن تەماشا دەکرا؟**

– لەبەر ئەوەی بەرەی تورکمانی سیاسەتێکی دیاریکراوی نییە و بۆ گەلی تورکمان تێناکۆشێت بۆیە ئەوەیان بەلاوە گرنگ نەبوو، بە بڕوای من بەرەی تورکمانی یان سیاسەتمەداری تێدا نییە یان بە تەوجیهاتی خەڵکی تر دەجوڵێنەوە، ئەگەر بەرە لەگەڵ لیستی برایەتی کەرکووک ئیئتیلافی بکردایە نیوە بە نیوە کورسییەکان دەدران بەوان، بەڵام دووبارە کەوتنە هەڵەوە و ئەو ئاکامەیان بەدەست هێنا کە بینیمان و لە گشت ئەو هەڵانەشدا تورکمانەکان باجەکەی دەدەن.

*** پاش ئەوەی لە بەرەی تورکمانی کشایتەوە بە نیازیت لە کوێ و بە چ جۆرێک درێژە بە خەباتی سیاسی بدەیت؟**

– پاش کشانەوەم لە بەرەی تورکمانی بڕیارم دا لەگەڵ کەس و لایەنێک کاربکەم کە دینامیکییەتی کار و سەنگی سیاسی تێدا بێت و لەگەڵ بیروڕای مندا بگونجێت وێڕای خۆشەویستی زۆرم بۆ تەواوی تورکمانە نیشتمانپەروەرەکان کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا خەبات دەکەن بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستاندا کاربکەم و درێژە بە خەبات بدەم.

*** لە ماوەیەکی کورتی ئاییندەدا دەستوری هەمیشەیی عێراق دەخرێتە بەردەست خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، ئێوە چۆن دۆست و لایەنگرانی خۆتان هان ددەن دەنگ بدەن؟**

– وەک لە بەیاننامەی دەست لەکارکێشانەوەمدا ئاماژەم پێداوە پەرۆشی ئەوەم خەڵکی کوردستان و عێراق بە (بەڵێ) دەنگ بۆ دەستوورەکە بدەن چونکە ئەو دەستوورە مافی هاووڵاتیی بوونی تێدا دیاری کراوە و لەوەش گرنگتر فیدراڵییەتی کوردستانی پێدەچەسپێت ئەوەش بۆ گەلی تورکمان گرنگە کە لە کوردستاندا دەژیت. ■

# لێکترازان وجیابوونەوە لە بەرەی تورکمانی

**گەلی عێراقی بەڕێز**
**جەماوەری کوردستانی خۆشەویست**
**جەماوەری گەلی تورکمانی ڕەسەن**

عێراقییەکان بە گشتی بە جیاوازی نەتەوە و مەزهەبەوە ناڵاندویانە بە دەست ستەم و چەوسانەوە و زۆردارییەوە کە نموونەی ئەم ستەمە کەمە لە جیهاندا ئێمەی تورکمانیش پشکنینمان بەرکەوتووە لەو ستەم و زۆرداریيە.

لە ساڵی ١٩٩٠ عێراقییە بە شەرەفەکان توانیان ڕاپەڕین بکەن بەرامبەر بەو ڕژێمە بەعسی و دڕندە و فاشیستەو لە ئەنجامدا توانیان شوێن و ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش پێک بێنن لە باکوری هێڵی پانی «٣٦» وە لەوکاتەوە دانیشتووانی ئەو ناوچانە هەوایەکیان بە بەرداهاتەوە و ڕەوشێکی ئازادی و ئارامیان دروستکرد و کوردستانی عێراق بووە وێستگەیەکی دیموکراتی و لێرەوە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنراو دامەزرا، لە ژێر سایەی ئەو بارودۆخە دیموکراتییە و ئازادی ڕابەربڕینەدا چەندین ڕێکخراوی سیاسی تورکمانی دروستبوون و کار وچالاکییە سیاسییەکانیان دەستپێکرد.

لە ساڵی ١٩٩٥ دا بەرەی تورکمانی سەریهەڵدا و دروست بوو، لەو بەرەیەدا کاریان کرد و چەندین پلە و پایەی سەرکردایەتی هەستیارمان وەرگرتووە و لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ڕەگەزێکی هاوسەنگ بوین لەناو ڕیزەکانی بەرەدا چونکە ئێمە باوەڕمان بە مافەکانی گەلی تورکمانی هەبوو کە لە چوارچێوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوە لەلایەن گەل و حکوومەتی کوردستانە و ئەو مافانەمان دەستەبەر و جێبەجێ دەبێت چونکە ئێمە پارچەیەکین لەگەلی کوردستان و جیا نابینەوە لێی.

**ئەی ڕۆڵەکانی گەلی تورکمانیمان:**

ئێمە لەم ڕۆژگارەدا دەژین لە مێژووی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، بۆیە خۆمان لەبەرامبەر بەرپرسیارییەتێکی مێژوویی گەورە دەبینینەوە، پێویستە لەسەرمان کار بکەین لەپێناو سەرخستنی کێشە و مەسەلەی گەلەکەمان بۆیەش لەسەرمانە دەنگ بە بەڵێ بدەین بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق و هەروەها بۆ دەستووری کوردستانی فیدراڵیمان چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە مافەکانی نەتەوەیی و سیاسی و ئیداری و ڕۆشنبیریمان چەسپاوە لەو دەستوورانەدا.

بۆ ئەوەی بەردەوام نەبین لە شوێنکەوتەیی ئەو سیاسەتە هەڵانەی کە بەرەی تورکمانی گرتویەتەبەرو گەلەکەمانی کردوەتە هۆکارێک بۆ پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی دیکە، وە ڕێگەش نەدەین جارێکی دیکە گەلەکەمان مافەکانی بخورێت و پێشێل بکرێت.

پێویستە لەسەرمان پێکەوە یەکبگرین لەپێناو دامەزراندنی نیشتیمانی ئازیزمان و زامنکردنی ژیانێکی ئازاد و سەربەرز بۆ ڕۆڵەکانی لەبەرئەوەی نەمانتوانی مەبەست و ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکەمان بە دەست بهێنین لە چوارچێوەیەکی تێڕوانینی تەسکی سیاسی بەرەی تورکمانی و پارتەکانییەوە و نەمانتوانی ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە بۆ کارکردن لەبێناو جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی ئەوەی باوەڕمان پێی بوو لە پتەوکردنی پایەکانی برایەتی و ئاشتی لەم نیشتمانەدا، بۆیە بڕیارماندا پاشەکشە بکەین لە بەرەی تورکمانی عێراقی و بچینە نێو ڕیزی تێکۆشەرە ڕەسەنەکان لە بزووتنەوی دیموکراتی تورکمانی لە کوردستاندا و بەردەوام لە کاری سیاسیماندا لە ڕێگەی پێکهاتە بەرفراوانەکەیەوە، چونکە ئێمە باوەڕمان وایە ئەم بزووتنەوەیە بەهەموو توانای خۆی کار دەکات لە هەرێمی کوردستانی فیدراڵدا و لەعێراقدا لە پێناو جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستە پیرۆزەکانی گەلەکەمان.

*** سکرتێری گشتی بەرەی تورکمانی**
**ئەندام ئەنجومەنی شورای تورکمانی**
**لەبەرەی تورکمانیدا**
**٢٠٠٥/١٠/١**
**و/ هاشم عومەر**